ئیسرائیل ژووری نەشتەرگەری لە نەخۆشخانەی شیفا بەردومان کرد

وەزارەتی ناوخۆ لە غەززە ڕایگەیاند، فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای ئیسرائیل ژووری نەشتەرگەری لە نەخۆشخانەی شیفا لە کەرتی غەززەیان بەردومان کرد.

جارێکی دیکە سوپای ئیسرائیل نەخۆشخانەی شیفا و دوروبەری بە بیانووی کڵک وەرگرتنی لێی بە ئامانجی سەربازیی بەردومان کرد. ئەو بانگەیشتە چەندین جار لە لایەن حکوومەتی غەززەوە ڕەتکراوەتەوە.

سوپای ئیسرائیل لە ماوەی ٢٤ کاتژمێری ڕابردوودا شەش نەخۆشخانەی لە کەرتی غەززە کە بەشکیان وەک پەناگەی ئاوارە و لەقەوماوانیش کڵکی لە وەردەگیرات، بەردومان کردووە.

هەریەکە لە نەخۆشخانەکانی شیفا، ئیندۆنێزی، مندالانی نەسر، ئەهلی بابتیست، عودە و قودس لە لایەن سوپای ئیسرائیلەوە کراونەتە ئامانج و بەردومان کراون.